کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
4-6-2007 20:42بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## بەئەفسانەیی کردنی مافی ژنان ... ئاواز محەمەد

Awas1974@hotmail. de

گەر باس لەماف و ئازادیەکانی ژنان بکەین، دەبینین پیاوان هەمیشە بەئاراستێکی زۆرەوە باس لەبوونی ماف و ئازادیەکی ئەفسوناوی بۆ ژنان دەکەن وەک هەر ماف و ئازادیەکی تری کەلەژێر دەسەڵات و چەپۆکی کۆمەڵگەی پیاوسالاریدا بوونی هەبێت و بەرگری لەومافە دەکەن و بەبەشێک لەپرەنسیپەکانی بەردەوام بوونی بونیاتی ژیانی دادەنێن، ئەمەش تەنها لەوکاتەدا دێتە گۆڕێ کە هیچ خەتەریەک لەسەردەسەڵات و هەیبەتی نەبێت.



بەڵام کاتێک دەڕوانینە دەرەوەی ئەفسانەکە دەبینین ژنانی کۆمەڵگە بەدەست نەزانین و نەخوێندەواری و هۆشیاریەوە دەناڵێنن، ئەمە بۆ خۆی باشترین بەڵگەی ئاشکرایە بۆسەلماندنی ئەو دیاردەیە کەبوونی نیەو دورە لەڕاستیەوەو هەر خەون و خەیاڵێکی ئەفسانەییە. کاتێکیش باس دێتە سەر سەلماندنی بوونی خۆی وەک کەسێکی داهێنەرو بەکار هەوڵی بەشداربوون دەدات دەبینێت کۆمەڵگە بەدەست هەژاری و بێکاریەوە دەناڵێنێت ئەمەش بۆخۆی خاڵێکی تری ئەو حاڵەتە دژوارەیە کەنەتوانێت پاشەڕۆژی خۆی لەڕوی یاسایی و کۆمەڵایەتیەوە دابین بکات، ئیدی پەنا دەباتەوە بەر پیاو تا ئەو پێداویستیانەی بۆ دابین بکات.

لەلایەکی ترەوە ژنی لادێ کەهەمیشە بەژنانی کارگەرو چالاک ناسراون زۆر جار ئەم ژنانە لەپیاوان زیاتر کاردەکەن بێ بەرانبەرو بێ ئەوەی هیچ حسابێکیان بۆ بکرێت جارێکی تر ئەو مافی هیلاکبونەیان دەخورێت. ئەو پرسیارەی لێرەدا دێتە گۆڕێ ئەوەیە، گەر ڕاست بێت ئەو گوتەیە کە ژنان هێزێکی کارگەرو بەهێزن بۆ بنیات و دامەزراندن و بەرەوپێشچونی کۆمەڵگە و ئابوری ئەدی بۆچی کۆمەڵگە مەدەنیە جیهانیەکان و دەزگا حکومیەکان ناگەڕێن بۆ چارەسەرێکی بنەڕەتی تا ژنان لەم کۆمەڵگەیەی ئێمەدا ئەوەندە هەژارو بێ دەسەڵات نەبێت؟ ژن کاتێک کاریش دەکات ئەوەندە جیاوازی دەکرێت لەڕوی تواناو هێزیەوە دەبینین کێشەی لاوەکی زۆری بۆ دروست دەکەن، بەجۆرێک لەجۆرەکان هێزو بازوی دەدزرێت، بەپێی ئەولیکۆڵینەوانەی کراوە لەم دواییەدا سەبارەت بە دزینی هێزو بازوی ژنان لەکاری مەدەنی {دەرەوە} دا بەرێژەی 14% یەو لەدائیرە حکومیەکاندا بەرێژەی 50%.

ڕاپۆرتی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی کاتێک باس لەژنانی ناوچەکە دەکات (مەبەستم لەرۆژهەڵاتە) ژنانی ووڵاتی سعودیە بەنموونە دەهێنێتەوە و تێیدا دەڵێت:



جیاوازیەکی گەورە هەیە لەنێوان پیاوان و ژناندا و 50% ی ژنان خاوەنی بەڵگەی خوێندنی زانکۆن کەچی بێکارن، لەکاتێکدا ئەو ڕێژەیە بەرانبەر 16% ی پیاوانەکە هەموویان کاردەکەن، ئەمە جگەلەوڵاتی ئەردەن و ئێراق و لوبنان وچەندانی تری ناوچەکە کەباشتر نین لەوێ بەڵکو وێرانترن.

بۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
4-6-2007 20:42بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

ئەم فاکتەری بێکاریە وا دەکات کەژنان ئیدی ڕۆڵی ژنی تەقلیدی ببینن و تواناو داهێنەکانی خۆی سنوردار بکات و تەنها لەچوارچێوەی ماڵەکەیدا بتوێتەوە و خەریکی مناڵ بەخێوکردن بێت و بێئاگا بێت لەهەموو هەوڵ و گۆڕانکاریەک و دەنگی بەتەواوی کپ ببێت.

----- بەپێی هەمان راپۆرت تا ساڵی 2006 باس لەبوونی 187 پەیماننامە دەکات کەدەبێت وولاتان قبوڵی بکەن و 198 پەیماننامەش داواکراوە کەئەوانیش جێبەجێ بکرێت. لەکۆی ئەمانەدا باس لە 20 خاڵی سەرەکی و بەهێز دەکات کەبەجەوهەری گۆڕانکاری دەزانێت ئەوانیش:

سەربەستی کارو نەهێشتنی کار بەمنداڵان.

یەکسانی بوون لەکارداو نەهێشتنی جیاوازی پێکهاتەیی ژن و پیاو لەروی تواناوە.

پاراستنی تەندروستی و سەلامەتی پیشەیی لەکارکردندا.

لەکاتی پەککەوتن و پیریدا هەوڵی پاراستنی مافە کۆمەڵایەتیەکانی بدرێت.

بەرنامەی بەگەرخستن و دۆزینەوەی کاری شیاو.

پاراستنی مافی کرێکارە پەنابەرو کۆچکردووەکان.

مافی کارگەرە پەککەوتەکان.

دەستنیشانکردنی ساڵێک بۆ خانەنشینکردن.

سیاسەتی نرخی کار

پارێزگاریکردن لە ژنانی دوگیان لەکاتی کارکردندا.

دەستنیشانکردنی کاتی دیاریکراو بۆ کار، و چەندانی تر لەم داواکاری و پەیماننامانە.

لەڕاستیدا ئەوەی باسکران تەنها کۆمەڵێک نوینی سەر کاغەزەو هیچ لەودەسەڵاتە ئەفسانەییەی سەرەوە ناگۆڕێت چونکە ڕۆژانە سەرباری ئەو کەم دەسەڵاتیەی ژنان تاوانی گەورە گەورەیان بەرانبەر ئەنجام دەدرێت گەر ئەم توندو تیژی و تاوانانە پۆلێن بکەین دەکرێت لەم سێ تەوەردا ئەژماردیان بکەین.

1. توندو تیژی لەچواچێوەی خێزاندا:
   - لێدان لەرێی باوک و براوە.
   - تەعەدای سێکسی لەکچ و کچۆڵە لەرێی ئەندامانی خێزانەوە.
   - فرۆشتنیان بەشیربایی.
   - ئیختسابکردن.
   - شێواندنی ئەندامانی لەش و لار {خەتەنە}.
2. توندوتیژی لەچوارچێوەی کۆمەڵگەدا:
   - ئیختساب، تەعەدای سێکسی، ڕێگەگرتن لەکاتی کارکردن و هەوڵدان بۆ لەخشتەبردن بەهۆی کارەوە.
   - بازرگانی کردن بەژنان.
   - ناچارکردنیان بەکارێک کەئارەزوی نیە.
   - تەعەداکردن بەهۆی چەکەوە لەرێی گروپە چەکداریەکانەوە.
3. توندوتیژی لەچوارچێوەی دەوڵەتدا:

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

- کاری توندوتیژی لەرێی پۆلیس و ئێشکگری بەندیخانەکان و پۆلیسی سەرسنور بەرانبەر بەوانەی کۆچ دەکەن.
- ئیختاسبکردن لەکاتی ناکۆکی نێوان گروپەچەکدارەکان.
- ئەشکەنجەدان لەکاتی بەندکردندا.
- توندوتیژی بەرانبەر پەنابەران لەرێی لێپرسراوانەوە.

ئەم فاکتەرانە بەشێکی ئاشکراودیاری ناو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیە کە زانایانی دەروونناسان ناویان ناوە{ژن و پیاوو توندوتیژی} و بەپێکهاتەیەکی سایکۆلۆژییان ناوزەد کردووە، چونکە پیاولەرِوی کۆمەلآیەتیەوەبەهێزەو ژنیش بێ هێز بۆیە هەر لەسەرەتاوە { ژنان تاوانبارن }.
بۆنوسینی ئەم بابەتە سودم لەم دوو سەرچاوەیەی ئەمنستی ئەنتەرناسیونال وەرگرتووە:

1/ فضيحە عالميە.
2/ اوقفوا العنف ضد المراە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلآودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.